# بن لادن و کۆمەڵ و یەکگرتوو..!

نەژاد عومەر

گرانەتا ئەو نەخۆشیە کوشندەیەیە گەر بێت و لەتوشبونیدا خۆت بدەیتە دەست قەدەرو دوعاو نوشتەو خوا، بەبێ ئەوەی تروسکە ئیمانێکت بەچارەسەرکردنی زانستی پزیشکی هەبێت ئەوا تەوا و تەواو لەناوت دەبات و ژیان بای باییت لێ دەکات.
ڕۆژی 22 ی ئەم مانگە (ئەیلول) ئاژانس و میدیاکانی جیهان وەفاتی ئوسامەی لێپرسراوی یەکەمی سەرەوکاری قاعیدەیان بڵاو کردەوەو هەندێ دەوڵەتی زلهێزیش وەک ئەمەریکاو فەڕەنسا لەهەواڵەکە تۆقیون و جارێ بەگومانن، دەڵێن تاوەکو لایەنە هەواڵگرێکانمان بەتەواوەتی و دڵنیاییەوە بەرپرسیارێتی ئەو هەواڵە نەگرنە ئەستۆی خۆیان و پشت ڕاستی نەکەنەوە متمانە بوونی خۆمان ڕاناگەێنین و مەحاڵە تەسدیقی ئەو هەواڵە بکەین، چونکە گەر بێت و گرانەتا هۆکارێکی زەفەر هێنان بێت بۆ وەفات بوونی ئوسمانی کوڕی لادن ئەوا بێ شک دەم و دەست خوا فریای دەکەوت و عیلاجی دەکردوو وەک زوخرێکی دوای پێغەمەر دەیهێشتەوە بۆ سەر ڕیقابی موسوڵمانان، هەرچەندە جەهالەت ڕۆژ بەڕۆژ دەیانی وەک شێخ ئوسامە دروست دەکات بەڵام موویەک لەبەراز بێتەوە هەر باشە، لێ پێش ئەم نادڵنیاییەی هەواڵگری ئەمەریکاو فەڕەنسا ، هەواڵگری ئیران بەگوێی هەواڵگری کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامیدا چرپاند کەکارەساتەکە قەوماوەو کار لەکارترازاوەو نەصەن وە روحەن وتیان...

عەلی باپیر...! بێ خەم بە سەرمایەکەی ئوسمانی کوڕی لادن دەخەینە ژێر دەستی تۆ چونکە ئێمە سیقەمان بە ئەیمەن نیەو بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت بکەویتە خۆ..!

عەلی باپیریش لەجیاتی فرمێسک خوێن لەچاوەکانی زاو لێی بوو بەهەورێکی چڕی خوێناوی و هەر قەترە فرمێسکە خوێنێکیشی بوو بەشمشێرێکی ذو حەدەین بۆ سەر ڕیقابی مولحدین و صەلیبیین عەلی باپیری ئەمیر هەر وەک پێکراوێک هێندەی پێکراو، ووتی لاحولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا،حسبیە الله ونعم الوکیل (انا للە وانا الیە راجعون) پاشان پڕی دایە موبایلەکەو نیابەتەن عەن یەگرتووش پەیوەندی کرد بەمەلای نەرویجەوە تاوەکوفەرمایشتی لێ وەربگرێت بۆ ئەوەی چی بکات و چی نەکات،نەجمەدینی نەرویجیش یەکەم هەڵوێستی ئەوەبوو کە هەردوکیان برایەکی ئیمانییان لەدەست داوە پێویستە
تەعزێیەکی شایستەی لەسەرتاسەری شیمالی عێراقا بۆ بگێرن،شێخ زاناو موجاهیدەکانیشی لەفاتیحا بێ بەش مەکەن، بەمامەو کاکەش بڵێ فەرمایشتی نەجمەدینەو دەبێت تەنفیز بکرێت، باپیریش ووتی، گەر بێت و تەنفیزی نەکەن ئەوا ئێمەو یەکگرتوو بەئێجگاری شیمالی عێراقیان لێ دەکەین بە(کابوووول) ی سەردەمی ئوسمانی کوڕی لادنی ڕەحمەتی.